# نوسینگەکانی کار:

hkkurdistan.org | Jul 1st 2013

نوسینگەکانی کار: میکانیزمێك بۆ چەوساندنەوە و هەڵاواردن

وەرگێر: ڕزگار ساڵح

لە کاتێکدا دووەم کابینەی "مارك ڕوتە" خەریکی جێبەجێکردنی سیاسەتی لێگرتنەوەو سکهەڵگوشینی توند و کارایە لەبوارەکانی هونەرو کلتور، پەروەردەو فێرکردن، گواستنەوەی گشتی و شوێنەکانی کارکردن، کۆمپانیا هۆڵەندیەکان لە ساڵانی ڕابردودا ملیارەها ئیرۆیان قازانج کەڵەکە کردووە. 10 لە سەدی دەوڵەمەندترین خەڵکی هۆڵەند خاوەنداری نزیکەی نیوەی ئەو پشکە (ألأسهم) تایبەتانە دەکەن. هەروەها چەندین دامەزراوەی دەوڵەتی، پەیکەرەکانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت هەوڵ و کۆششیان ئەوەیە دەسکەوت و نرخە نابەرابەرەکان وەکو خۆی بهێڵنەوەو پارێزگاری لێبکەن. هەروەها نوسینگەکانی کار لەو نێوەدا ڕۆڵێکی گرنگ وازی دەکەن.

نوسینگەکانی کار لە پێکەوە کارکردن لەگەڵ خاوەنکار و حکومەت ڕۆڵێکی گەورە لە دەستبەسەرا گرتن و دەست و پێ بەستنی کرێکاران دەگێرن. ئەوان ئەرکیان ئەوەیە لێشاوی کرێکارانی بێکار جڵەو و ناونوس بکەن بە جۆرێك کە هەموو کاتێك ئامادەبن بۆ کارکردن. ئەوە ئاسانکاری بۆ خاوەنکاران دەکات کە لە کاتی هەڵکشانی بازاڕدا کرێکاران بخەنە خزمەتەوە و لە کاتی داکشانی بازاڕدا بە ئاسانی بیاننێرنەوە بۆ ماڵەوە. جیاوازتر لە کرێکارانێك کە کاری هەمیشەیی (پێرمەنێنت) یان هەیە، کە لە زۆربەی کاتەکاندا بە کۆمەڵ لە شوێنێك کاردەکەن، بۆ کرێکارانی کاتی و پەرشوبڵاو ئیمکانیەتی خەباتی هاوبەش سنوردار ترە. لە واقیعدا ئەوان بە بەردەوامی لە شوێنانی تر دەخرێنە سەرکار. لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریکردن زۆر پێویستە لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو خەڵکی زیاتر بەرەو بارودۆخێکی خراپتر شۆڕ دەبێتەوە. نوسینگەکانی کار ئاوا ئەڵقەیەکی گرنگ لە زنجیری چەوساندنەوەی کرێکاران لە سیستمی سەرمایەداریدا فۆرمولە دەکەن، کە تیایدا لەسەر پشت و شانی ئێمە ملیارەها ئیرۆ کەڵەکە دەکرێت. ئەو پارەیە ئاوا دێت.

لە کوێوە قازانج دێت؟

Randstadسێکتۆری نوسینگەکانی کار بە سندوق پارەیان بۆ دێت، هەروەها لە کاتی قەیرانەکانیشدا. بە نمونە

گەورە کۆمپانیای بازاڕ بۆ ناونوس و کارپێدان بە کرێکاران بە نمونە وەرگرین، کۆمپانیایەك کە پڕاوپڕ سێرڤسەکەی دابینکردنی کرێکارانی کاتییە بۆ خاوەنکار و کارگەکان. ڕاندستاد لە ساڵی 1960 لە لەیەن "فریدز گۆڵدزمەیدینگ"

لە هۆڵەند دامەزرا و لەم کاتەدا لە نزیکەی چل وڵاتدا لقی هەیە. کۆمپانیای ناوبراو لە 2011 دا داهاتی 16.2 ملیارد ئیرۆی بەدەستهێنا. ڕاندستاد نزیکەی 28.700 کارمەندی خۆی لە کاردایە و ڕۆژانە نزیکەی نیو ملیۆن کرێکار لە ڕێگەیەوە بۆ کارکردن لە کارگەکانی تر ڕەوانە دەکرێت. بەو هۆیەوە

ی سویسری، هەژمار دەکرێ.Adecco لە جیهاندا واتە Human Resources بە دووەم گەورەترین کۆمپانیا دوای یشدا کاردەکات و خاوەنی ئەم کۆمپانیایە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین کەسەکانی Tempo-Teamڕاندستاد لە ژێر ناوی

هۆڵەند و خاوەنی سەروەتوسامانێکە کە بە 2،2 ملیارد ئیرۆ مەزەندە دەکرێت.

هەروەها نوسیگەی کاری بچوکتریش هەن کە بە تەواوی پارە دەکێشنەوە، بەڵام کێکی هیلاکی و دەستڕەنجی کرێکاران Flexwerk بە سەر نوسینگە گەورەکان دابەشدەکرێت. بەهۆی ئاڵوگۆڕ لە بازاڕی کاردا، وەکو هاتنەئارای

ئەوان قازانجی گەورە بەدەست دێنن. حکومەت بە پاڵپێوەنان و زۆر لێکردن لە بێکاران و ئەو خەڵکانەی کە بیمەی سۆشیال وەردەگرن بۆ خۆ ناونوسکردن لە نوسینگەکان، پشتگیری نوسینگەکان دەکات، و هەروەها لەو ڕێگەیەوە ملیۆنەها کۆنتراکت (عقد ألعمل) یان لەگەڵ دەبەسترێت. لە 2010 حکومەت و سێکتۆری نوسینگەکانی کار لە پێرس

هەواڵێکدا پەیوەندیەکی لەم جۆرەیان ڕاگەیاند: لە دوو ساڵی ئایندەدا نوسینگەی " ڕاندستاد – هۆڵەند لەگەڵ مانپاوەر و ستارت پیوپڵ" لەگەڵ حکومەتدا کاری هاوبەش ئەنجام دەدەن. (بەواتا ئەگەر کەسێك نامەی کارداواکردنی بۆ پۆستێك یان وەزیفەیەکی حکومی پێشکەش کرد پێویستە لە ڕێگەی یەکێك لەو نوسینگانەوە بێت- وەرگێر)

لە خستنە ڕوویەکی (عرض) هاوبەشدا نوسینگەی "تیمپۆ- تیم و ڕاندستاند" بەرزترین ئاستیان لە هەموو شەراکەتەکان تۆمارکرد.

ئیش و کارەکان لە چوارچێوەی گرێبەستی بەڕێوەبردن، بەکرێ گرتنی هێزی کاری نەرم- فلێکسە، کە تیایدا 10 لە 13ی وەزارەتەکان و ڕێکخراوەکانی سەربەوان وەکو هۆبەی ژمێریاری گشتی، شورای دەوڵەت (ئەنجومەنی ڕاوێژکاران) و هۆبەی دووەم- پەرلەمان بەشدارن تێیدا. خاڵێکی گرنگ کە داوەری گرێبەستەکان دەکات بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکانە. ئەم وەزارەتانە گرێبەستێکیان لەگەڵ نوسینگەکانی ئاماژە پێدراو بۆ دوو ساڵ ئیمزاکردووە و بە پێی گرێبەستەکە وەزارەتەکان بۆ هەر ساڵێك 90 ملیۆن ئیرۆ دەدەن و، بۆ نوسینگەکان بەرزترین داهاتە! بەڵام تا ئێستا دیارنیە فلان و فیسار وەزارەت لەو برە پارەیە چەند دەدەن! ( وەزارەتەکان ئەو 90 ملیۆنە وەکو سوبسیدی بە نوسینگەکان دەدەن- وەرگێر).

لە لایەکی ترەوە شارەوانیەکانی وەکو ئەمستردام بۆ نمونە هەوڵ دەدەن کە منحە (سوبسیدی) بۆ نوسینگەکانی کار دابین بکەن بۆ ئەوەی هەل بڕەخسێنن بۆ خەڵکانێك کە سۆشیال وەردەگرن خۆیان ناونوس بکەن و کارێکی کاتیان دەستکەوێت. بەو شێوەیە نوسینگەکان دەبڵ قازانجیان دەستدەکەوێت لەسەر پشتی ئەوانەی بیمەی سۆشیال وەردەگرن: ساڵی پار فیدراسیۆنی نەقابە کرێکاریەکان، حزبی سۆشیالیست و یەکێتی بیمە کۆمەڵایەتیەکان کەمپینیان دژی ئەو یاسایە ڕاگەیاند.

حکومەت بەها و گرنگیەکی گەورە بۆ ئەو پلانانە دادەنێت، ئەوەش لە نیەتی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت لە چڕو پڕ بەکارهێنانی ئەو یاسایە. سەرباری ئەو ڕاستییەی کە بە هۆی بارگاوی کردنی بارودۆخەکە بە قەیران و نەرمکردن- فلێکس کردنی بازاڕی کار بەدەگمەن کار یان وەزیفەیەکی هەمیشەیی چنگیر دەبێت. بەدیاریکراوی بە هۆی سیاسەتی شارەوانیەکان و حکومەت، لە جۆری لێگرتنەوەو بەرتەسککردنەوەی کاری سەربەخۆ، زۆرترین خەڵکان بێکار دەبن و بەرەوخواردەبنەوە بۆ بیمەی سۆشیال. بەهۆی یاسا نوێکەوە ئەو لەشکرە نوێیەی کرێکاران جاروبار کارێکی کاتیان دەست دەکەوێت، یان لە چاوەڕوانی کارێك یان وەزیفەیەکدان کە هەرگیز دەستگیر نابێت.

هەڵاواردنی یاسایی و چەوساندنەوە

Otto Work Forceنوسینگەکانی کار بە کۆمەڵ مافی کارکردن پێشێل دەکەن.کەوا بە شێوەیەکی پراتیکی لە نوسینگەی

زۆر سەری زل هەیەOttoئاشکرا بووە، ئەوەش بەتایبەت لەگەڵ کرێکارانی پۆلۆنی. لە ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی

وەکو کۆریفەیین هانز فیگڵ و فرانك دە خافە لە حزبی لیبراڵ. سەرباری ئەوەی ئەم کۆمپانیایە یاساییە بەڵام شێوازی مامەڵەی وەکو نوسینگە نایاساییەکان وایەو و سەرپێچی و پێشێلی مافی کرێکاران بەشێوەیەکی بەرچاو دەکات.

لە بابەتێکی پێشوتری بڵاوکراوەی (دۆربراك- ڕێکخراوێکی سوشیالیستیە) هەموو سکاڵای کرێکارە پۆلۆنیەکان لە خشتەیەکدا ڕیزکراوە: "کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی نائاسایی و دڵڕەقانە نرخی کرێی مانەوە و نرخەکانی تری داناوە، بۆ نمونە بۆ تەئمینەکان.

کرێکاران 300 تا 400 ئیرۆ لە ساڵێکدا سوبسیدی- منحەیان لە فەرمانگەی باج پێدەدرێت بۆ تەئمینی نەخۆشی، بەڵام

ڕاستەوخۆ نادرێت بە کرێکارەکە خۆی بەڵکو دەخرێتە سەر ئەکاونتی نوسینگەی "ئۆتۆ" کە ناگەڕێتەوە بۆ کرێکاران. کرێکارانی پۆڵۆنی تازە گەیشتو زۆربەی کات چەند هەفتەیەك کار دەکەن بەبێ ناونوس کردن و کۆدی تایبەتی فەرمانگەی باج. ئەوان پارەی ڕۆژەکانی پشو یان منحەی پشویان پێنادرێت. سەرباری پارەی دڵنیای تەندروستی مانگانە کە لە کرێی کرێکاران هەڵدەگیرێت، زۆربەی جار لە کاتی نەخۆشیدا ئەو پارەیە نادرێت و کاتێك کرێکاران مۆڵەتی نەخۆشی وەردەگرن سزای پارە دەکرێن لە لایەن خاوەنکارەوە. گروپی ئانارشیستەکانی ئەمستردام کەمپین و چالاکی جۆراوجۆریان ڕێکخستووە بۆ ئەوەی کێشەی کرێکارانی پۆلۆنی و نوسینگەکانی کار لە هۆڵەندا بگەیەنن بە ڕای گشتی.

هەڵاواردنی کرێکاران بەپێی ڕەنگ و ئیتنیك!

نوسینگەکانی کار لە کۆتاییدا تەنها کرێکاران بە گشتی ناچەوسێننەوە، بەڵکو هەڵاواردنی ئیتنیکی کەمینەکانیش گەرموگوڕ ڕادەگرن. لە لێکۆڵینەویەکی ئەم دواییەی دەزگای پلانی کۆمەلایەتی و کلتوری دەرکەوتووە کە کۆی نوسینگەکانی کار بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕۆچوەتە ناو زەلکاوی هەڵاواردنەوە. لە 2010 دا لێکۆڵینەوەیەکی تری هاوشێوە بڵاوکرایەوە لە ژێر ناونیشانی "مارك باشترە لە مەحەمەد". لە لێکۆڵینەوەی ئەو کاتەدا دەرکەوت کە لە گوڵبژێری "سی ڤی- کارنامەی" کرێکاراندا لەلایەن نوسینگەکانەوە زۆر بەزەقی هەڵاواردنی نەژادای" ئیتنیکی" کراوە. خاوەنکاران سپی پێستێکی خۆماڵیان بۆ کارپێدان لە "بێگانەیەك" پێباشترە و نوسینگەکانیش ڕۆڵێکی باش و بەرچاو لەوەدا دەگێڕن. لەساڵەکانی 60 و 70 ی سەدەی ڕابردوودا کرێکارانی "بێگانە"ی نەشارەزا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن خاوەنکارانەوە دەخرانە سەر کاری قورس و تاقەتپڕوکێن. ئێستا بە هۆی نەژادیانەوە بە کۆمەڵ لە بازاڕی کار دوور دەخرێنەوە.

سەرچاوە لەڕۆژنامەکەش " دۆربراك" ە . Doorbraak